www.kurdistannet.org

**لێدوانی بەڕێز مام جلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرۆکی ئە نجومەنی حوکمی عیراق سەبارەت بە ئەولەویاتی کاریان لە ئە نجومەنی حوکم و، وەلأمدانەوەی ڕۆژنامەی هەوالٚ .**

**ڕۆژی ٤/١١/٢٠٠٣ لە شاری بغداد پەیامنێری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو دیمانەیەکی لەگەلٚ بەڕێز مام جلال ساز کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی :**

((**بەناوی خوای گەورە**))

**یەکگرتوو :** سەرەتا پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین بەبونت بە یەکەم کەسایەتی کورد لە پۆستی سەرۆکایەتی عێراقدا ..

سەرەتا بەرێزتان ئەولەویاتتان چیە بۆ کاروبار لە ماوەی سەرۆکایەتیتاندا لە ئەنجومەنی حوکمی عێراقی ؟

**مام جلال** : ئەولەویات ، من بەرنامەیەکم پێشکەش کردووە لەوێدا نوسیومە ، پێشنیارەکانم یەکەمیان ئەوەیە ئەنجومەنی حوکمرانی بخەینە گەڕ و گورجو گۆلٚ بێت ، ئینجا دوای ئەوە دووەم و سێ هەم ئەوەیە کە هەیکەلیەتەکەی تەواو کەین و کۆمەلێك شارەزا و پسپۆریان بۆ دانێین ، تا لەبەردەستیاندا بێت ، و وەکو راوێژکار لەگەلیان ئیش بکەن ، دوای ئەوە باسم لەوە کردووە کە لیژنەی دەستور بکەوێتە گەڕ و ئەمڕۆ بریاری ئەوەمان داوە و لەجەلسەی ئەمڕۆ باسی دەستورمان کرد ، وە دامناوە کە زیاراتی محافظات بکەین و لە محافظاتە زۆر لێکراوەکانەوە واتە زۆرتر زۆر لێکراوەکانەوە دەست پێبکەین ، بۆیە لە کەربەلاوە دەست پێدەکەین ، و پاشان خواروی عێراق و دوایی دێنەوە بۆ ژووروی عێراق ، هەروەها دام ناوە کە دەبێت لەو مودەتەی من دا هەولٚ بدرێت قانونی انتخابات دابنرێت ، وە هەروەها مەلەفی ئەمنیشم پێشنیار کردووە ، کە چۆن ئەمن و ئاسایش دابین بکەین لەسەرتاسەری عێراقدا ، وەچەند مەسەلەیەکی تر کە پەیوەندی بە علاقاتی تیجاری و صناعی و اقتصادی هەیە لەگەلٚ دەرو جیران ، بەتایبەتی ئێران و تورکیا و مصر و ئەوانە وە ، هەروەها زیاراتی ئەو ولأتانە بە وەفدی گەورە هەم لەمەجلس و هەم لە وەزیرەکانیش ..

**یەکگرتوو :** بەلێ .. جەنابت باسی دەستورت کرد ، لە دەستوری داهاتووی عێراقدا ئایا مافی گەلی کوردستان بۆ مەسەلەی فیدرالی کەپەرلەمانی کوردستان لە سالی ١٩٩٢ دا و سەرجەم حزبە کوردستانیەکان لەسەری رێك کەوتبوون ، لەدەستوری داهاتوو دا چەندە ئومێدی دەستە بەر بونی لێ دەرکرێ ؟

**مام جلال** : بەراستی من زۆر ئومێدم پێیەتی ، وە هیوا دارم زیاتر ، چونکە هەموو لایەنەکان پەسەندیان کردووە ، وە ئەم لایەنانەی تر کە بەچاکی پەسەندیان کردووە جگە لەوەی کە لە INC دا بونە وەختی خۆی ، حزبی ئیسلامی عێراقی بە توندیش دیفاعی لێ دەکات ، مامۆستا دکتور محسن جارێکیان چارەسەر

www.kurdistannet.org

کەری گرفتەکان بوو ، وە بە پێشنیارەکەی ئەو کە دەبێت عێراقێکی فدرالی دیموکراتی پەرلەمانی دانـبرێت ، قەزیەکـە بڕایـەوە ، وە هـەروەها مامۆسـتا صـلاح الدیـن زۆر بـە چـاکی دیفـاع ئـەکات لـەو مەسـەلەیە و ئەمرۆیش باسی ئەوەی کرد کە ئەو مافەی گەلی کورد بچەسپێت لــە دەسـتور دا ، وە ئێمـەش خۆمـان کـە هەروەك و پێشتر دکتور محمود و کاك مەسعود و وە بەندەی مخلصیش هەموو دیفـاع لـەوە دەکـەین ، وە ئەوەی راستی بێت لە هیچ کەسێکم نەبینیوە کە معارزی ئەوە بێت.

**یەکگرتوو** : ئێستە لە کوردسـتان دا دیاردەی فـایل و فـایل کـاری وروژێـنراوە لـە هـەندێ رۆژنامـەدا ، لـەو میانەدا و لە دوا ژمارەی رۆژنامەی (هەواڵ) دا باسی یەکگرتوو دەکـات کـە( تـادوا هەناسـە لەگـەڵ رژێمـدا بووە )!! بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەکی بلاّو کردوەتەوە وەك بەڵگە کە باس لەوە دەکـات کـە رەزامـەندی لەسـەر دەرکردنـی پەسـاپۆرت بـۆ چـەند کەسـێك لەسـەرکردایەتی یـەکگرتوو لەئەنقـەرە لەلایـەن ئــەمنی رژێمەوە کراوە ، جەنابتان بۆ تێکرا دیاردەکە و ئەو هەواڵەی (هەواڵ) چی دەفەرموون ؟

مام جلال : دیارە پێش هەموو شتێك من ئەمەوێ ئەوە بڵێم وە بــە خوێنـەرانی ڕابگەیـەنم کـە هـەواڵ هیـچ پەیوەندی‌یەك و علاقەیەکی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا نی‌یە ، وە ئێمە زۆر ناڕازین لــە ڕەفتـار و کرداری ئەو ، بەلاّم چونکە ئازادی هەیە و هەرکەسە ڕەئی خۆی دەردەبڕێـت ، بۆیە هیچ قسـەیەکی ئـەو و هیچ گوتە و گوفتارێکی ئەو دور و نزیك تەعبیر لە ڕەئی یەکێــتی نیشـتمانی کوردسـتان ناکـات ، دووەم بەڕاستی ئەو گوتەیەی دەربارەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کـارێکی ناڕاسـت و ناڕەوایـە ، چونکـە یـەکگرتوی ئیسـلامیی کوردسـتان بـە درێژایـی وەقـت ، کـە ئێمـە ناسـیومانە شـان بەشـانی ئێمـە دژی دیکتاتۆریەت خەباتی کردووە ، وە دەورێکی باشی هەبوو لەوەی کە حزبـی ئیسـلامی عـێراقی بـهێنێت بـۆ معارەزەی عێراقی بۆ دژایەتی صدام حسین وە دەورێکی چاکی هەبوو بەوەی کە لە دنیـای ئیسلام دا لای ئەوانەی پەیوەندی‌یان نەبووە لەگەڵ بزوتنـەوەی کوردایـەتی‌دا ، دیفـاع لەکێشـەی کـورد و ئێمـە و مانـان بگەیەنێ بەوان ..

ئەمما مەسەلەی پەسـاپۆرت ، وەختـی خـۆی حکومـەتی عـێراق پەسـاپۆرتی داواکـرد منیـش پەسـاپۆرتم وەرگرتووە پاش ئەو داواکردنەی ، دەی با (هەواڵ ) لەسەر منیش بنوسێت کە مام جلال یش لەوەدا هەیە ، پەساپۆرت شتێکە و وەرگرتنی ، چونکـە حکومـەتی عـێراق اعلانـی کـرد و وتـی مـن پەسـاپۆرت ئـەدەم بەهەرکەسێکی عێراقی و لەوانەی دەرەوە هەزاران کەس وەری گرتووە ، بێت پارەکە بدات و دەی دەمێ ، ئەمە خاڵێك ، خاڵێکی تر بەراستی ئەو جۆرە رەفتارانە رەفتاری نا مەسئولە کە سانێك هەیە لە خۆیانــەوە سومعەی خەڵك دەشکێنن بێ ئەوەی بزانن ، مەسـەلەن نـاوی هـەندێ کـەس دەبـەن لـە یـەکێتی ، ئەوانـە

www.kurdistannet.org

برادەری ئێمەن و هەریەکەیان دەورو خەباتی خۆی هەبووە و ئەوانە ئێمە خۆمان مەحکەمەمان بـۆ دانـاون و لێ یان دەکۆڵینەوە بەپێی حاڵەکەیان ئێمە وەختی خۆی سزایان دەدەین ، پێـش ئـەوەی ئـەوە بکرێـت ناوەکەیان دەزڕێنن و هەزار قسەیان بۆ هەڵدەبەستن و ، وا دەکەن کە هیچ نرخێك نەمێنێ بۆ ئەو قەرارەی کـە ئێمـە دەی دەیـن لـە دوا ڕۆژدا ، ئەمـە ئـەم کارانـە بەراسـتی کـارێکی زۆر ناراسـت و نـارەوان ، وە بەشێوەیەکی نا جۆرە بە تایبەتی دژی برایانی یەکگرتوو ، من ئەمەوێ شایەتیەکیش بدەم ، ئەو برایانـەی یەکگرتوو کە ویستیان ئەو پەساپۆرتە دەربکەن پرسیاریان بە من کرد وەری بگرن لەبەر ئەوە شتێك بـوو حکومـەت خـۆی دایـنـابوو ، ئـەوە نـاکرێت بەبەڵگەیـەك لـە دژی یـەکگرتووی ئیسـلامی ، مـن دەمـەوێ راسـتیەکی تریشـت پـێ بڵێـم ، ئێمـە دەیـان تـەن بەڵگـە و فایلمـان کەوتووەتـە دەسـت یـەکێکیان دژی یەکگرتووی ئیسلامی شتێکی تیا نیە ، دژی سەرکردەکانیان ، نازانم ڕۆژێك لە خوارێ ، یان لـە خـەڵکێك ، بەڵام دژی خەڵکی تر هەیە ، خەڵکی تر هەیە ناوی هـاتووە و باسـی هـاتووە و فـایلی هـەبووە ، بـەڵام لـە یەکگرتووی ئیسلامی هیچ کەسێك لە سەرکردەکان و کاربەدەستە ناسراوەکانیان ناوی نەهاتووە ..

**<u>یەکگرتوو</u>** : زۆر سوپاستان دەکەم و ئێستەیش دواوتەی بەرێزتان ؟

**<u>مام جلال</u>** : دوا ووتەی بەندەی مخلص ئەوەیە کە ئێمە لە کوردستان پەیوەندیەکی باشمـان هەیـە لەگـەڵ یەکگرتووی ئیسلامیی وە لە درێژایەتی وەختیش دا دۆست بوینە و ئەم دۆستایەتیەیش بەرەو گەشە کردن دەروات و هیوا دارم هیچ شتێك کار نەکاتە سەر ئەو پەیوەندیە ، وە ئەو پەیوەندیە لەکەدار نـەکات وە ئەو شتانەی کە (هەواڵ) و ڕۆژنامە سەربەخۆ کان بڵاوی دەکەنەوە لەسەر ئێمەی حسێب نەکەن و بەرەئی ئێمەی دانەنێن ، ئێمە رەئیمان ئەوەندە باشە بەرامبـەر بـە یـەکگرتوو لـە پێنـج نوێنـەری کـورد دا کاکـە صلاح الدين مان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی مەجلسی حوکم رانی وە وەزیریان هەبێت لە حکومەتی داهاتوو ، ئەگەر خوانەخواستە شـتێکمان هەبوایـە ئـەو هەلبژاردنـەمان نـەدەکرد ، پێـم وایـە کـە دەسـتی چەوری کەس بەسەر ئێمەدا نەسررێت وە ئێمەیش قبولْ ناکەین کەس دەسـتی چـەوری خـۆی بەسـەرماندا بسرێت وە زۆر سوپاسی برایانی یەکگرتوو دەکەین وە هیواداریـن کە لەگـەڵ پـارتی و یـەکێتیش بـەردەوام هەر یەکگرتوو بن ، وە ئـەو ڕەوش و رێبـازەی هـەیان بـووە لەپاراسـتنی هـەم ئیسـلام و هـەم کوردایـەتی لەسەری برۆن و خوا موەفەقتان کات و ئینشا الله رەمەزان لە هەموو لایەك قبولْ بێت ..

**یەکگرتوو : زۆر سوپاس بۆ بەرێزتان ..**